## جەنەڕاڵ حەسەن ئەرفەع و کورد

لە سەردەمی کۆماری کوردستان(1946) دا حەسەنی ئەرفەع سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران بوو و بەربەرەکانی سوپای ئێران لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کورد و فیدائیانی ئازەربایجانی لەژێر چاوەدێری و فەرمانی ئەودا بەڕێوە دەچوو. ئەرفەع لە لایەن دایکەوە ئینگلیزی و لە لای باوکەوە تورکی ئازەربایجانی بوو، لە راپەڕینی سمکۆ (1920) وجوانڕۆییەکان (1931) دا' ئەرفەع فەرماندەی هێزی ئێران و دەستی بە خوێنی رۆڵەی کورد سووربببوو، لە مەسەلەی ئیعدامی پێشەوا و رێبەرانی دیکەی کوردیشدا هەر لایەنیکی توند و دوور لە ئاشتی بەرانبەر بەوان هەبوو واتە دوای حەمەرەزا شا، یەک لەو ئەفسەرە ئێرانیانەیە کە بوون بە هۆکاری ئیعدامیان.

ئەرفەع کتێبێکی بە ئینگلیزی نووسیوە و تێیدا بیرەوەری و روانینی خۆی سەبارەت بە کورد و کۆماری کوردستان دەربڕیوە. کتێبەکە دوای خانە نشین بوون و نیشتە جێ بوون لە ئۆرووپای نووسەر، نووسراوە. هەڵوێستی ئەرفەع بەرانبەر بە کۆماری ئازەربایجان و بەتایبەت کوردستان گەلێک نەرێ ییە و لە کتێبەکەدا داکۆکی لە دەوری سپای ئێران لە تێک شکاندنی هەردوو کۆمارەکان کراوە. ئەرفەع لە کتێبەکەدا هەندێک ئاماژەی بە ناوچەی دەوروبەری مەهاباد و لەوانە، بۆکان و کەسایەتییەکانی ئەو مەڵبەندە داوە، کە من لێرەدا دەیانخەمە روو. یادداشتەکانی من لەبەر دەقی فارسی کتێبەکە هەڵگیراون – کە بە داخەوە تەرجەمەیەکی گەلێک ناتەواو و بێ سەر و بەرەیە و ناوی وەرگێڕ و بنکەی چاپەمەنیشی بە سەرەوە نییە. بەڵام هەوڵ دەدەم دواتر نوسخە ئینگلیزییەکەشی پەیدا بکەم کە دەزانم لە کتێبخانەی "سواس" ی لەندەن هەیە، ئینجا بەراوردکاریی دوو دەقەکە لە ئاڵقەیەکی دیکەی ئەم زنجیرە وتارە دا رادەگەیێنم.

کتێبی ئەرفەع بە گشتی باسێکی راستەوخۆی لەمەڕ بۆکان تێدا نییە، بەڵام باسی هۆزی موکری و هەروەها ساباڵغ و سەقزی کردوە کە بۆکانیش دەگرنەوە. ئەوەش ئەو باسانە :

لاپەڕە 25: (وەرگێڕاو لە شەرەفنامەی بدلیسی)، زنجیرەی ئەمیرانی کورد بریتی بوون لە 25 – ئەمیرانی موکری کە دانیشتووی باشووری گۆلی ورمێ بوون و لە بنەڕەتدا بەشێک بوون لە تایفەی بابان.
لاپەڕە 30:_ شێخ عوبەیدوللا[ی نەهری] دوای کۆکردنەوەی چەند هەزار کەس لە شەڕانخێوانی هۆزە جیاوازەکان و موریدانی خۆی، هاتە ناو ساباڵغ(مەهاباد)ەوە و لێرەدا زۆرێکی تر لە هۆزە کوردەکان وەک ... گەورک و مەنگوڕ و ... لەگەڵی کەوتن و هێزی شێخ بەرەو مياندواو دەستی کرد بە پێشەوەچوون و لەو شوێنەدا بەربووە شیعە کوشتن [دەزانین کە شێخ خۆی نەهاتە ناوچەکە و شێخ عەبدولقادری کوڕی نارد].
لاپەڕە 53: هێز و دەسەڵاتی سمکۆ لە باکوورەوە دەگەیشتە شاری "خۆی" و لە باشوورەوە تا دەور و بەری سەقز.

لاپەڕە 58: ستوونێکی هێزی ئاشوورییەکان ئابڵووقەی سوپای کورد و ترکیان لە مەهاباد تێک شکاند و بەرەو ساینقەڵا چوونە پێشەوە ... لە هاوینی ساڵی 1920 دا من فەرماندەی یەک لەو "اسکادران" انە بووم کە لە تارانەوە هاتبوون بۆ بەهێزکردنی تەورێز[دژ بە سمکۆ].

لێرەدا ئەرفەع باسی بەشداری راستەوخۆی خۆی دەکات لە شەڕی دژ بە سمایل ئاغای سمکۆ لە میاندواو و شاری "خۆی" و دەڵێت نزیکەی 500 کەسم لەناو هۆزی ئەفشار کۆکردەوە و هێڵی جیاکەرەوەی زمانیی کورد و تورکم لەسەر چۆمی تەتەهوو داگیر کرد. هەروەها دەڵێ لە شەڕی ناوچەی سەلماس دا ئەسپەکەم کووژرا و ناچار بووین پاشەکشە بکەین(لاپەڕە 60 و 61).

لاپەڕە 72: ئەو کەسانەی وا لە ساڵی 1945 دا بانگ هێشتنی باکۆ کران بریتی بوون لە: ... ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری و عومەری عەلیاری کوڕی، حاجی بابەشێخ، عەبدوڵڵا ئێلخانی زادەی بۆکان و ...

لاپەڕە 73: ئەمیر ئەسعەدی سەرۆکی هێزی دێبوکری بە رەزامەندیی هێزی داگیرکەری سۆڤیەتی کرایە حاکمی مەهاباد.

لاپەڕە 142: پەنابەرانی شۆڕشی ئەیلوول [باڵی دەفتەری سیاسی] سەرتا نێررانە سەقز و پاشان هەمەدان[1966].

حسن ارفع، *"کردها و یک بررسی تاریخی و سیاسی"*، ترجمه از متن انگلیسی لندن، چاپ دانشگاه آکسفورد، نیویورک، تورنتو، 1966، شوێنی چاپ؟ ساڵی چاپ؟ 154 لاپەڕە، فارسی.